


# مۆبایلێک بە چوارکامێراوە

کۆمپانیای Huawei مۆبایلە نوێیەکەی خۆی خستەڕوو کە بە جۆری nova3 ناسراوە، مۆبایلی ناوبراو لە ریزی مۆبایلە سەرکەوتوو هۆشمەندەکان دێت، بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن: رامەکەی ٦ گیگابایتە، میمۆری ١٢٨ گیگابایتە و باترییەکی بە هێزی تێدایە کە پشتیوانی لە شەحنی خێرا دەکات. مۆبایلەکە تا رادەیەك گەورەیە چونکە شاشەکەی ٦،٣ ئینجە، کوالیتی نیشاندانی full HD+یە و خێراییەکەی ٢,٤ گیگایە. دوو کامێرای هەیە دوو لە پێشەوە و دوو لە پشتەوە ئەوەی پێشەوە، کامێرا سێلفیەکان یەکێکیان ٢ میگاپیسکلە، ئەوەی دیکەیان ٢٤ میگاپیسلکە. کامێراکانی پشتەوەش یەکێکیان ١٦ میگاپیسکلە، یەکێکیان ٢٤ میگاپیگسلە. تایبەتمەندییە ئەمنییەکانیش وەك ناسینەوەی رووخسار، پەنجەمۆری هەیە، چوار رەنگیشی هەیە..




# هواوی مەچەکبەندێکی سمارتی نوێی بەر هەم هێنا

مەچەکبەندی زیرەك، زۆر لەمێژ نییە هاتوونەتە ناو جیهانی تەکنەلۆژیای نوێوە، بەڵام بەو ماوەکەش گشتگیر بوونە و بەکارهێنەری زۆری هەیە. کۆمپانیای (هواوی) لەم ماوەیەدا مەچەکبەندێکی زیرەکی نوێی بەرهەم هێنا، کە بە Talkband B5 ناسراوە، پێکهاتووە لە شاشەیەکی ١,١٣ ئینجی لەمسی و بە تەکنەلۆژیای AMOLEDوە. بەکارهێنەر دەکرێت وەك هێدستێکی بلوتوسیش بەکاری بێنێ. خۆی دوو مایکی تێدایە و دەنگە زیادییەکان دەسڕێتەوە.

بەشێك لە ئەرکەکانی دەستبەندەکە ئەمانەن، دەکرێ وەك بلوتوس سوودی لێوەربگری، توانای زانینی لێدانی دڵی هەیە و رێژەی نیگەرانی و سترێس لە بەکارهێنەرەکەیدا دەزانێ، دەتوانێ لێکدانەوەی خەوی بەکارهێنەرەکەی بکا و بزانە خەوتنی چۆنە، بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێری بەردەوام لێدانی دڵ دەپێوێ، هەنگاوەکان دەژمێرێ، کالۆری و مەودای رۆیشتوو دەستنیشان دەکات.



# ئۆتۆمبیلی فڕۆک گشتگیر دەبێت ؟

چەند ساڵێکە باس لە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلی فڕۆك دەکرێت و هەوڵێکی زۆریش دراوە، بەڵام هەتا ئێستا وەك ئامێرێکی گشتگیر نەبووە، هەم لە بواری یاساییەوە ئەو ئیزنە نەدراوە، هەم تێچووی بەرهەمهاتنیان و شوێنی نیشتنەوە و هەستانیان بۆتە گرفتێکی گەورە، بەڵام هەوڵەکان هەن.

لەم ماوەیەدا ئۆتۆمبیلێکی فڕۆك لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەمەریکاییەوە بەرهەم هات، فڕۆکەکە بەناوی BlackFly (مێشە ڕەشە) ناسراوە.

فڕۆکەکە خێرایی زۆر نییە دەتوانێ سەد کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بڕوات. ئەم فڕۆکەیە بۆ لێخوڕین پێویستی بە دەرهێنانی ئیجازەی فڕۆکەوانی نییە، ئۆتۆمبیلە فڕۆکەکە بە باتری کار دەکات و لەماوەی ٢٥ خولەکەدا شەحن دەبێتەوە. هەشت مەکینەی بچووکی هەیە و بە دەسکی گەمە (جویستیك) کۆنترۆڵ دەکرێ، خۆی تایبەتمەندییەکی تێدایە دوگمەیەك دابگرە کە بە (دەگەڕێمەوە) لە هەر شوێنێك هەستابێ ئۆتۆماتیکی دەچێتەوە شوێنی خۆی.

# سەرنجێک لەسەر سێرڤێس گۆ بەرهەمە نوێیەکەی مایکرۆسۆفت





مایکرۆسۆفت لەم ماوەیەدا تەبلێتێکی دە ئینجی بەناوی Surface Go خستە بازاڕەوە. ئەم بەرهەمەی مایکرۆسۆفت پاش سێ ساڵ لە دروستکردنی سێرڤێس ٣ دێت. تەبلێتی ناوبراو بە بە راورد بە سێرڤسەکانی دیکە، هەرزانتر، سووکتر و بچووکترە. دەکرێ بڵێین تەنکترینشیانە. بارستاییەکەی تەنیا ٨،٣ ملمە. کێشەکەی تەنیا ٥١٢ گرامە. لەمسەکەی دەکرێت لە یەك کاتدا بە دە پەنجە سوودی لێوەربگری و هەروەها قەڵەمی تایبەت بەخۆشی بەکار بێنی. یەکەی لێکدەرەوەی ٤ ناوەکەی تێدایە و واتە پەنتیۆم گۆڵدی ئەنتەل. خێراییەکەی ١،٦ گیگایە. رامەکەی ٨ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ٢٥٦ گیگایە. باترییەکەی ئەگەر تەنیا فیلمی پێ لێبدرێ ٩ کاتژمێر خۆی رادەگرێ. کامێرای پێشەوەی ٥ میگاپیکسلە و هی پشتەوەی ٨ میگاپیسکلە. کیبۆردێکی تایبەتی لەگەڵدایە کە دەکرێت وەك لاپتۆپێکیش بەکار بهێندرێت. هەروەها سیستەمی ویندۆز ١٠ی لەسەرە.

# کاتژمێرێک ب



کاتژمێرە سمارتەکان زۆربەی ئەرکەکانی مۆبایل ئەنجام دەدەن بە هەندێك ئەرکی زیادەشەوە، بەڵام گرفتێك لەواندا هەیە دەبێ شەحن بکرێنەوە و وەك کاتژمێرە کلاسییکیەکان نین پێویستیان بە وزە نەبێت. کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی ئامێری تەکنەلۆژی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە کاتژمێرێکی بەناوی Ticwatch Pro هێناوە کە دوو شاشەی هەیە.

شاشەیەکیان وزەی کەمی دەوێت و هەندێك ئەرکی پێ ئەنجام نادرێت، شاشەیەکیش وەك هەموو شاشەی کاتژمێرە سمارتەکان. شێوازی کارکردنی دوو شاشەکە ئاوایە، شاشەیەك کە پێێکهاتووە لە



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، مۆبایلێکی نوێم کڕیوە، دەمەوێ ژمارە و ناوەکان لە مۆبایلە کۆنە بۆ مۆبایلە نوێیەکەم بگوازمەوە چ بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز، لە مۆبایلە نوێیەکاندا زۆر ڕێگا هەن بۆ گواستنەوەی ناوەکان، ئاسانترین و بێ گرفتترینیانە ئەوەیە کە ئەکاونتێکی گوگلت هەبێ لەسەر مۆبایلەکەت، کە هەموو کەس هەیەتی، هەرکاتێك ئەکاونتە نوێیەکەت لە مۆبایلە نوێیەکەت دانا ئۆتۆماتیکی گشت ناو و ژمارەکان دەگوازرێنەوە.

دەتوانیت لە بەشی ناو و ژمارەکان واتە بەشی contacts import/export بدۆزیەوە لەودا ناوەکان دەکرێت بۆ سەر میمۆری یان فلاش میمۆری بەڕێ بکرێن و دواتر هەر لەو جێگایە لە مۆبایلە نوێیەکە وەریبگریەوە..

## کامێرای نیکۆن بە زوومی ١٢٥ بەرابەرەوە




زووم یان گەورە کردن و نزیك کردنەوە سوژە بۆ وێنەگرتن، گرنگی تایبەتی هەیە، هەتا کامێرا زوومی بەهێزی هەبێ وێنەکان باشتر دەردەچن و، کامیراانی پێشەیی پێویست ناکات خۆی لە سوژەکە نزیك بێتەوە، چونکە جار هەیە بە نزیك بوونەوە گەر سوژەکە جوڵەدار بێ رەنگە لەو شوێنە نەمێنێ.

کامێرای جۆری Nikon Coolpix P1000 کە کامێرایەکی پێیشەیی وەك باشترین کامێرای سۆپێرزومی کۆمپانیاکە دیاری کرا. کامێراکە تەنانەت بەبێ لێنز (عەدەسە) زوومەکەی ١٢٥ بەرابەرە. بە زوومێکی وا کامێراکە نەك بۆ دیمەنی سروشتی و دیمەنە دووردەستەکان بەڵکو بۆ وێنەگرتن لە تەنە ئاسمانییەکانیش گرنگی خۆی هەیە. دەکرێت وێنە لە گۆی مانگ بگیردرێت کە بە هیچ کامێرایەکی ئاسایی ناگیردرێن. بە کوالیتی k4 فیلم هەڵدەگرێتەوە. کێشی کامێراکە ١,٤ کیلۆیە.

## هێدستێک مۆتەکەکانتان دەکاتە خەونێکی خۆش

خەوزڕاوەکان هەمیشە لەگەڵ گرفتێك بەرەو روون ئەوەی کە شەو تابەیانی خەویان لێنەکەوتووە، یان کە خەویشیان لێکەوتووە کابوس و مۆتەکە سواری شانیان بووە و خەونی ناخۆشیان دیوە. ئێستا شتێك پەیدا بووە کە بە (هێدست) ناسراوە لە راستیدا پارچە پەڕۆیەکی رەشە لەگەڵ چەند هەستەوەرێك کە خەوی بەکارهێنەرەکەی رێك دەخات.

یەکێك لەو هێدستانە silentmodeە کە لەراستیدا پێکهاتووە لە دەماکێکی روخسار و هێدفۆنێك. دەمامکە

## ە دوو شاشەوە



LCDیەك لەسەر شاشەی ئەسڵی دادەنرێ، ئەوكاتەی كە ئەكتیف نییە گەش و روونە و بەكارهێنەر دەتوانێ شاشەی دواوە بە باشی ببینێ.

ئەوكاتەی كە شەحنی دادەبەزێت، بەكارهێنەر دەتوانێت شاشە ئاساییەكەی سەرەوە بەكار بێنێ و ئەوكات دەتوانێ بۆ ماوەی یەك مانگ لەو شاشەیە سوود وەربگرێ بەبێ دابەزینی شەحن.

بەهۆی كاتژمێرەكە پاڵەپەستۆی خوێن، كاروباری بانكی NFC، ستریمی مۆسیقی ئەنجام دەدرێ بە سیستەمی بلوتوس لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و بە تەڕبوون تێك ناچێت.




## سایتێک بۆ کردنەوەی فایلەکانی ئۆفیس

دوای دانانی ویندۆز لەسەر كۆمپیوتەر، گرنگترین پرۆگرامەكان مایكرۆسۆفت ئۆفیسە، كە لە چەندین پرۆگرام پێكهاتوون وەك ۆرد، ئەكسل، ئەكسس، پاوەرپۆینت... تاد. ئەگەر لەسەر كۆمپیوتەرێك پرۆگرامەكانی ئۆفیس دانەندرابوو تۆش پێویستت بەوە فایلێكی ئۆفیس وەك ۆرد یا ئەكسل بكەیەوە چ دەكەی، زۆر سایت هەن ئۆنلاین فایلەكان دەكەنەوە، یەكێك لەم سایتانە سایتی onlinedocumentviewer كە ناوەكەی خۆی بەخۆیەوە. لەم سایتەدا دەكرێت ئەو فایلەی مەبەستە ئاپلۆدی بكەی و پاشان بیكەوە و دەستكاری بكەی..

## پڕۆگرامێک بۆ دیزاینی سێ ڕەهەندی بیناکان

حەزدەكەی بەرلەوەی بچیە ناو خانوو و بیناكەت، دیزاین و ستایل و تەنانەت كەلوپەلی ناو ژوور و دار وگوڵی ناو حەوشەكەت ببینی، بزانی ژوورەكانی نووستن، مەتبەخ چ رەنگ بن و چ كەلوپەلێك لەگەڵیان دەگونجێت، بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامی Artlantis Studio كە پرۆگرامێكی گرنگ و خێراییەی لە بواری دیزاینی سێ رەهەندی بۆ نمای دەرەوە و ژوورەی بینا بەكار بێنە. پرۆگرامەكە یارمەتیدەرێكی باشی، ئەندازیاران و دیزاینەرانی و بیناسازانی خانوو و بیناكانە. توانای دانانی نەخشەی سێ رەهەندی لە چەند لاوەی هەیە. ئەوەی بۆ دیزاینی ژوور و دەرەوەی بینایەك پێویست بێ تێیدایە، وەك مێز و كورسی، ئەنیمەیشنی مرۆڤەكان، كەلوپەلی چێشتخانە، پێویستییەكانی ژووری خەو، سەیارە، پایسكل، دار و گوڵ...تاد.





ئیسفەنجییە و روخسار دادەپۆشێ و تەنانەت گوێیەكانیش.

هێدستەكە چۆن كار دەكات؟ هیدفۆنەكانی ناوی لەگەڵ ئەپل موزیك پەیوەندییان هەیە و موسیقایەكی ئارام و لەسەرخۆ لێدەدەن، جۆری مۆسیقاكان بۆ ئەوكاتانەی بەكارهێنەر نیازی هەیە خەوێكی قوڵ یان سەرخەوێك بشكێنێ جیاوازە. هیدفۆنەكان گشت دەنگ و ژاوەژاوەكانی دەوروبەر لادەبەن، بەڵام ئەگەر رووداوێك بۆ نموونە ئاگر كەوتنەوە یان شتێكی دیكە روویدا، هیدفۆنەكە ئاگاداری بەكارهێنەرەكەی دەكاتەوە.